# مافی بەكارهێنانی زمانی دایک لەنێوان بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەكان و یاساكانی عێراقدا -زمانی كوردی وەک نمونە-

# Right to use mother language among the International Conventions and Iraqi Laws- Kurdish Language as a sample

**پ.ی.د. سامان فوزی عمر**
**Assistant Professor.Dr. Saman Fawzi Omer**
**بەشی یاسا –كۆلێژی یاسا وڕامیاری-زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی**
**Law department/College of Law and Politics/ University Of Human Development**
**saman.fawzi@uhd.edu.iq**

**م. كاروان أورحمان اسماعيل**
**بەشی یاسا –كۆلێژی یاسا وڕامیاری-زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی**
**Karwan Awrahman Ismail**
**Law department/College of Law and Politics/ University Of Human Development**
**karwan.ismail@uhd.edu.iq**

## پێشەكی:

زمان كە یەكێكە لە رەگەزە سەرەكییەكانی پێكهێنەری هەر نەتەوەیەک، گرنگییەكی زۆری لەسەر مانەوەو پێشخستنی ئەو نەتەوەیەش هەیە، بەجۆرێک ئەگەر زمانی لاتینی پێشنەخرایە، نە شارستانیەتی یۆنان و نە یاسای رۆمانیشمان دەبوو. وە ئەگەر (كاردیناڵ ریچیللۆ) و هاوڕێكانی زمانی فەرەنسییان پێشنەخستایە، ئەوا ئەو زمانە بەو چەشنە بڵاونەدەبۆوە و یاسای شارستانی فەرەنسیش )١٨٠٤( نەدەبوو بەهەوێنی یاسا شارستانییەكانی دەیان وڵات. خۆ ئەگەر زمانی عەرەبیش نەبوایە ئێستا میللەتی عەرەب و ئەدەب و بەرهەمەكانیان لە ئاست و بارودۆخێكی دیكەدا بوو. زمان لە پێكهێنەرەكانی ژیان و بیری مرۆڤە، وە زمان رۆح و هەستی كۆمەڵگایە چونكە لەو رێگەیەوە هەست بە تایبەتمەندییەكان و جیاكەرەوەكانی خۆی دەكات، بۆیە ناكرێت زمانی هیچ گەلێک زیندوو بێت و گەشەبكات تاوەكو ئەوگەلە زمانی دایک وەک زمانی رۆژانە بەكارنەهێنێت.

بێگومان زمان و بیر و كۆمەڵگا دیاردەیەكی ئاوێتەن كە ئەبێتە هۆی پێشكەوتنی كۆمەڵگا و سەرهەڵدانی شارستانییەتێكی پێشكەوتوو. زمان هەر لەكۆنەوە هۆكارێک بووە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونكە بەهۆی زمانەوە مرۆڤەكان ئەتوانن بە شێوەیەكی ئاسان لەیەكتری تێبگەن، دیارە گۆڕانكاری لە سەردەم و بارودۆخەكاندا كاریگەری ئەبێت لەسەر گۆرانكاری لە زمانی میللەتاندا، بۆیە هەمیشە بە پێشكەوتنی میللەتان زمانەكەشیان پێبەپێی ئەو گۆڕانكاریانە پێشدەكەوێت.

زمان جگە لەوەی یەكێكە لەمافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ و زۆربەی رێكەوتننامە و جاڕنامە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر بەكارهێنانی زمانی دایک دەكەنەوە. چونكە یەكێكە لە رەگەزە سەرەكییەكانی پێكهێنەری هەر نەتەوەیەک و گرنگییەكی زۆری لەسەر مانەوە و پێشخستنی

ئەو نەتەوەیەش هەیە.

بۆیە دەوترێت زمان یەکسانە بەنەتەوە چونکە مرۆڤەکان جیاواز لەبونەوەرەکانی دیکە قسەکەر و هۆشمەندن و زمان دەنگی عەقڵیانە و ئامرازێکی سەرەکی پەیوەندی و گوزارشت کردنێتی. هەربۆیە کوردیش کە نەتەوەیەکی جیاوازە لە نەتەوەکانی دیکە، زمانی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێی دەڵێن زمانی کوردی، کە بەدرێژایی مێژوو لەبەرانبەر هەوڵی دوژمنانی بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی ئەو زمانە، ئەویش هەوڵی هێشتنەوە و پێشخستنی زمانەکەی خۆی داوە، بۆیە هەمیشە یەکێک لەداواکاریە سەرەکییەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد ئازادی بەکارهێنانی زمانی خۆی بووە. ئەگەر ئەو داواکارییە لە هەندێک پارچەی کوردستان تاڕادەیەکی باش بەدیهاتبێت، ئەوا لەهەندێک پارچەی دیکە هێشتا خەباتی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی دوژمن ناچار بکات دان بە مافەکانیدا بنێت و ئازادانە زمانی خۆی وەک زمانی میلەتانی سەردەستە بەکاربهێنێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

گرنگترین ئەو ئامانجەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت خۆی لەو چەند خاڵەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١- ڕونکردنەوەی پێگەی مافی زمانی دایک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، وە مێژوی گرنگیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەو مافە.

٢- شیکردنەوەی مافی زمانی دایک بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لەدەستورو یاساکانی عێراق.

٣- هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی مافی زمان بەگشتی و زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی بەتایبەتی، لەدەستور و یاساکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

گرنگترین ئەو کێشانەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت باسیان بکات و وەڵام و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە ئەوەیە، کە ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان لەسەر دەستورو یاساکانی عێراق هەبووە سەبارەت بەدەقدان لەسەر مافی نەتەوەکان بۆ قسەکردن و بەکارهێنانی زمانی دایکیان؟ وە ئایا حکومەتەکانی عێراق کاریان بەو دەقە دەستوری و یاسایانە کردووە کە باسی مافی زمانی نەتەوەکانی کردووە، بە تایبەتی زمانی کوردی، یان بە پێچەوانەوە ئەو مافە تەنها نوسراوی سەرکاغەز بووە و وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوازێکی سەرەکی دوو میتۆدی زانستی بەکارهێنراوە، میتۆدی شیکاری(Analytical Method) بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقە یاساییەکان تایبەت بە زمان کە لەنێو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، وە ڕاڤەکردنی ئەو برگەو مادانەی کە لەدەستورو یاساکانی دەوڵەتی عێراقیدا هاتووە سەبارەت بە زمانە عێراقییەکان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی. وە میتۆدی بەراوردکاری (Comparative Method) بۆ بەراوردکردنی مافی زمان لەبرگەو مادەکانی یاساکانی عێراق بەبرگەو مادەکانی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، وە بەراوردکردنی مافی زمانی دایک لەدەستورە یەک بەدوایەکەکانی عێراق بەیەکدی و بەراوردکردنی بە یاسا بەرکارەکان.

وە هەروەها بە گوێرەی پێویست سود لە میتۆدی مێژوویی (Historical Method)وەرگیراوە بۆ باسکردنی قۆناغەکانی گرنگیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەمافی زمانی دایک و قۆناغەکانی ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی لەماوەی نزیکەی (١٠٠) ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراق.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەمان، بە باشمان زانی بابەتەکەمان بە شێوازێکی پلەبەندییانە دابەش بکەین بۆ دوو بەشی سەرەکی و هەربەشێکیش بۆ چەند باسێک، لەبەشی یەکەمدا لەمافی بەکارهێنانی پێگەی زمانی دایک لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دەکۆڵینەوە، وە دەیکەین بە دوو باس، لە باسی یەکەمدا چەمکی زمان و گرنگیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە زمان باسدەکەین. وە لەباسی دووەمدا خوێندنەوەیەک دەکەین بۆ مافی زمان کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە. وە لەبەشی دووەمیشدا و بەسێ باس تیشک دەخەینە سەر پێگەی یاسایی زمانی کوردی لەدەوڵەتی عێراقدا. لەباسی یەکەمدا لەپێگەی زمانی کوردی دەکۆڵینەوە هەر لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقییەوە لە ساڵی ١٩٢١ تاوەکو گۆڕانی سیستەمەکەی لەپاشایەتییەوە بۆ کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨، لەباسی دووەمیشدا لەپێگەی زمانی کوردی دەکۆڵینەوە لەقۆناغی کۆمارییەوە تا گۆڕانی شێوەی ئەو دەوڵەتە لە دەوڵەتێکی سادەی ناوەندییەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ساڵی

٢٠٠٥، لەباسی سێیەمیشدا دەکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەسەرتاسەری عێراقدا. پاشان توێژینەوەکە بەچەند دەرئەنجامێکی گرنگ و پێشنیازێکی پێویست کۆتایی پێدەهێنین.

## بەشی یەکەم: پێگەی زمانی دایک و لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشکێک بخەینە سەر مانای زمان و پێگەی یاسایی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا کە هەر لە ڕێکەوتننامەی پاریسی ساڵی ١٨٥٦ەوە گرنگی بەم بابەتە دراوە تا دروستبونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک کۆمەڵەی گەلان ساڵی ١٩١٩ و دواتریش دروستبونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمەش بە دابەشکردنی ئەم بابەتە بۆ دوو باس لەیەکەمیاندا باسی چەمکی زمانی دایک و سەرەتای گرنگیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین، وە لە باسی دووەمدا باسی پێگەی زمانی دایک دەکەین لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.

### باسی یەکەم: چەمکی زمانی دایک و سەرەتای گرنگیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی:

زمان هۆیەکە بۆ ئاخاوتن و مامەڵەکردن لەنێوان کۆمەڵگادا، هۆیەکیشە بۆ پەیوەندی وپێکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا، وە هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیرو بۆچون.١ پێناسەیەکی گشتی بۆ زمانی دایک بریتییە لەو زمانەی کە مرۆڤ بیری پێ ئەکاتەوە، خەوی پێ ئەبینێ، وکاری پێ ئەکات، یان ئەو زمانەیە کەیەکەمجار کەسێک وەریدەگرێت وفێری ئەبێت.٢ وە ئەگەر لە ڕوی توانست و لێزانییەوە سەیری بکەین، ئەتوانین بڵێین زمانی دایک ئەو زمانەیە کە کەسێک زۆر بەباشی ئەیزانێت. وە لەڕوی بەکارهێنانەوە ئەو زمانەیە کە زۆرتر بەکار دەهێنرێت. ئەکرێت بوترێت زمانی دایک پەیوەندی هەیە بە ناسنامەی کەسەوە و خۆی بەو زمانە ئەناسێنێت، وەکو بڵێ من کوردم یان زمانی من کوردییە. وە مێژوی شارستانییەتی هەر نەتەوە و گەلێک پەیوەستە بە ڕادەی پێشکەوتنی زمانەکەیەوە، تێکچون و فەوتانیشی لە ئاکامی پەرتوبلاوی و فەوتانی زمانەکەیەتی.٣ چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.٤ فێربونی زمانی دایک لەلایەن منداڵەوە بەشێوەیەکی باش گرنگە، چونکە زمانی دایک بنچینەی بیرکردنەوە و هەستی منداڵە، ئاستی فێربون و قسەکردنی منداڵ بە زمانی دایک ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ گەشەکردنی زمانی دووەم لەلایان وە کامڵبونی زمانی دایک هۆکارێکی گرنگە بۆ زوو فێربون و دروست فێربونی زمانی جیاواز و بەهرەکانی تر.٥

زمانی دایک ئامرازێکی بەهێزە بۆ پاراستنی میراتی باووباپیران و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو، وە ئامرازێکی گرنگە بۆ زامنکردنی فێربون بە باشترین شێوازو وەرگرتنی زانیارییەکان بە ئاسانی. بایەخدان بە زمانی دایک یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبونەوەی لەلایەک، وە لە لایەکی ترەوە یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەگەڵ دروستبونی گفتوگۆیەکی دروست و بنیاتنەر کە ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی فەلسەفەی ڕێزگرتن لە فرە ڕەنگی و فرە زمانی و فرە کەلتوری. کە ئەمەش هۆکارە بۆ تێکەڵاوبونی کەلتور وزمانە جیاوازەکانی گەلانی جیهان سەرئەنجام فەلسەفەی یەکێتی و یەکگرتویی لەنێوان گەلان و میللەتاندا دێنێتە کایەوە کە ڕێگایەکە بۆ لەیەک تێگەیشتن و گفتوگۆ.٦ لەم لایەنەوە گرنگی زۆر دراوە بە زمان چ لە ناوخۆی دەوڵەتەکان، کە پێکهاتەکەی کۆمەڵگاکەیان فرە نەتەوە و فرە زمانن، تەنانەت هەندێک لەو وڵاتانە هەر بەوەوە نەوەستاوە کە ڕێزی زمانی دایکی پێکهاتەکانی بگرێت و ڕێگە بەبەکارهێنانی بدات، بەڵکو کاری لەسەر ئەوەش کردووە کە لەپاڵ زمانی فەرمی زۆرینەی وڵاتدا زیاتر لەزمانێکی دیکەی دایک بکاتە زمانی فەرمی، وە چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش گرنگی بە زمانی کەمینەو زمانی دایک دراوە کە میللەتە جیاوازو کەلتوورە جیاوازەکان قسەی پێدەکەن.٧

دانپێدانان بە کەمینەکاندا کە زمانی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵگەیە لەسەر بونی کەمینەکان، بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی جەختدەکەنەوە لەسەر مافی تاکەکان کە بەزمانی خۆیان قسەبکەن لەپێناوی پارێزگاریکردن لە ڕۆشنبیری و نەریتەکانیان. لەبەر ئەوە دەبینین کە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان مافیداوە بە کەمینەکان کە خوێندنگای تایبەت بەخۆیان هەبێت، منداڵەکانیان بە زمانی دایک فێربکەن.٨

بە شێوەیەکی گشتی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بە هەردوو جۆرەکەیانەوە، گشتییەکان و تایبەتەکان جەختیان لەسەر پاراستنی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤ کردۆتەوە، وە گرنگیان داوە بەزمان کە بەیەکێک لە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. جۆری یەکەم بەڵگەنامە گشتییەکان ئەو بەڵگەنامەو جارنامە نێودەوڵەتیانەن کە هەموو، یان زۆرینەی ئەو مافانەیان لەخۆگرتووە کە دەبێت مرۆڤ پێی بگات، وەک

بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٥، جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨، پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٦، وە پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ساڵی ١٩٦٦، وە هەموو ئەو جارنامە نێودەوڵەتیانەی کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەردەچێت، وەکو جاڕنامەی تایبەت بەمافی ئەوکەسانەی کە سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان یان ئیتنییەکان یان زمان یان ئایینەکانن کە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە.

وە جۆری دووەم ئەو جاڕنامەو رێکەوتننامانەن کە بابەتێکی دیاریکراویان چارەسەر کردووە وەکو رێکەوتننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و رۆشنبیری (یونسکو) ساڵی ١٩٦٠ تایبەت بە رێگریکردن لەجیاکاری لە بواری فێرکردندا، وە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری رەگەزی ١٩٦٥.

هەر لە سەردەمی پێش دروستبونی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە گرنگی دراوە بەم بابەتە و لە رێکەوتننامەی پاریس لەساڵی ١٨٥٦ کە لەنێوان ووڵاتانی فەرەنساو بەریتانیاو روسیا و بروسیاو تورکیادا بەسترا. بە پێی رێکەوتننامەکە پێویستە دەوڵەتانی ناوچەی بەڵقان پابەندبن بە بنەما بنچینەییەکانی پاراستنی مافی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە. وە لەمادەی نۆیەمدا هاتووە کە دەبێت دەوڵەتان مافی یەکسانی دەستەبەر بکەن و جیاکاری نەکەن بە هۆکاری ئاینی و رەگەزی و زمانەوە.٩

دوای دروستبونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا کەسەردەمی ململانێ و داگیرکاری و مافەکانی مرۆڤ لەبارو دۆخێکی نالەباردا بوو، لە بەڵێننامەی فێرسای ساڵی ١٩١٩ دەوڵەتانی بەشداربوی جەنگی جیهانی یەکەمی پابەندکرد بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتیش دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگەکە. ئەو سیستەمەی کە فێرسای هێنایە ئاراوە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر رێکەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەرێکخستنی بنەماکانی یەکسانبونی کەمینەکان لەگەڵ زۆرینەدا، چ لەبەرانبەر یاساداو چ لە مسۆگەرکردنی ئازادی ئایینەکانیان ورۆشنبیریان وپەیرەوکردنی دابونەریتەکانی تایبەت بەخۆیان، لەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیانەی کە گرێدراون: بەڵێننامەی نێوان هاوپەیمانان و نەمسا ساڵی ١٩١٩، وە بەڵێننامەی (تریانو) لەگەڵ هەنگاریا ساڵی ١٩٢٠، وە بەڵێننامەی (سیڤەر) لەگەڵ یۆنان ساڵی ١٩٢٠، ئەم بەڵێننامانە بەگشتی ئەو ئامرازو هۆکارە یاساییانەی تێدا باسکرابوو کە زامنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە کە نابێت پێشێل بکرێن لەناویشیاندا (پابەند بون بە پاراستنی مافی کەمینەکان).١٠ کە لەناو ئەو مافانەدا یەکێک لە گرنگترین مافەکان مافی زمانە.

وە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک گەورەترین رێکخراوی جیهانی کە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ئەندامن تیایدا،١١لە دیباجەی بەڵگەنامەکەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی داوە بە باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و یەکسانی و جیاکاری نەکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا بە هەر هۆکارێک بێت، کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ جیاکاری نەکردن لەنێوان تاکەکاندا بە هۆکاری زمان، کە ئەمە لەخۆیدا گرنگیدانە بەیەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە زمانە.١٢

لە بەڵگەنامەکەدا لە چوار مادەی جیاوازدا ووشەی (زمان) بەکار هاتووە.١٣ کە ئەمەش بە بڕوای ئێمە بەهەند وەرگرتنی مەسەلەی زمانە لەلایەن رێکخراوەکەوە کە لەگەڵ ئەوەی هەموو کێشە جیهانییەکانی لە خۆگرتووە لە هەموو بوارێکی ژیاندا، بەو پێیەی کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی جیهانی گشتییە١٤، بەڵام لە کۆی ١١١ مادە لە ٤ مادەدا ئاماژە بەزمان بدرێت ئاماژەیە بۆ گرنگیدان بە بابەتەکە. لە مادەکاندا ئاماژەی داوە بە رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و جیاکاری نەکردن لەنێوان تاکەکاندا بە هۆکاری رەنگ یان رەگەز یان ئایین یان زمان.١٥

وە هەر لەبەر گرنگی و بایەخدان بە زمانی دایک، ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان رێچکەدا رۆیشتوون و گرنگییان داوە بە مافی زمان. هەروەک لەلایەن کۆنگرەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (یونسکۆ)، لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ بڕیاری ژمارە (C/DR.٣٥٣٠) دەرکرد، کە بە پێی بڕیارەکە رۆژی (٢١/ ٢) هەموو ساڵێک کرا بە رۆژی جیهانی زمانی دایک، وە ئەم بڕیارە بەهەنگاوێکی گرنگ دائەنرێت لە مێژووی هەموو میللەتەکاندا.١٦

وە لە مانگی ئایاری ٢٠٠٧ دا بڕیاری ژمارە (A/RES/٢٦٦/٦١) لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو کە داوای لە دەوڵەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردبوو کە هانی پاراستن و پارێزگاری هەموو ئەو زمانانە بدەن کە گەلانی جیهان بەکاریدەهێنن.١٧

### باسی دووەم: پێگەی زمانی دایک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەڵگەنامە جیهانییەکان گرنگییان بە ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤ داوە. وە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤیشدا بابەتی مافی نەتەوەیی و ئاینی و کەلتوری و زمان ڕەچاوکراوە، ئەوەی چەق باسەکەی ئێمەیە بابەتی زمانە، بۆیە هەوڵ ئەدەین خوێندنەوە بۆ ئەو بەڵگەنامانە بکەین کە دەقیان لەسەر ئەم بابەتە داوە.

١- جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨

ئەم جاڕنامەیە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٨ دا دەرچووە.١٨

جاڕنامەکە بەگشتی داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ ئەکات لە هەموو جیهاندا بەبێ جیاوازی لە نێوان گەلان و نەتەوەکاندا. وە گرنگیداوە بەیەکسانی لەنێوان تاکەکاندا بەبێ جیاکاری بەهەر هۆکارێک لەسەر بنەمای ڕەنگ و ئایین یان زمان،١٩ کە دەبێت هەموو مرۆڤەکان بە ماف و ئازادییەکانی بگەن کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە بە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک بە هۆکارە جیاوازەکان لەوانەش جیاکاری بە هۆی زمانەوە.٢٠

ئەم بەڵگەنامەیە گرنگی داوە بە زۆربەی مافەکانی مرۆڤ لە ناویشیاندا مافی بەکارهێنانی زمان.

٢- ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا ١٩٦٠

ڕێکەوتننامەیەکی فرە لایەنە، لە ١٤/ ١٢/ ١٩٦٠ لەشاری پاریس بەسترا، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری، ئامانجی پەیماننامەکە قەلاچۆکردنی جیاکارییە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، وە دەستەبەرکردنی مافی خوێندن وبەکارهێنانی زمانی تایبەتی کەمینەکانە.٢١

لە دێباجەی ڕێکەوتننامەکەدا مافی فێربوونی داوە بەهەموو کەسێک بەبێ جیاکاری، وە هەر جیاکارییەک بەپێشێلی مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، وەک جیاکاری لە زماندا.٢٢

مادەی یەکەم پێناسەی جیاکاری کردووە لەسەر هەر بنەمایەک بێت کە یەکێکیان زمانە، وە نابێ جیاکاری لەسەر بکرێت.٢٣

٣- پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان ١٩٦٦

ئەم پەیمانە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە.٢٤

دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن ئەدەن کە پابەندبن بەڕێزگرتنی ئەومافانەی کە دەستەبەر کراوە بەبێ جیاکاری بەهەر هۆکارێک بێت لەناویشیاندا هۆکاری زمان، وە هەر ڕێگرییەک لەیاسای وڵاتدا هەبێت دەبێت هەڵبوەشێتەوەو بگۆڕدرێت بە شێوازێک کە یەک بگرێتەوە لەگەڵ مافەکانی ناو پەیمانەکە.٢٥ لە (مادەی ٢٧) دا ئاماژەی داوە بە مافی ڕۆشنبیری کەمینەکان و بابەتی زمان کە دەڵێ: لەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتی ڕەگەزیی، ئایینی و زمانیان تێدا هەیە، کەسانی سەر بەو کەمایەتیانە نابێ لە مافی بوونی ژیانی کەلتووری خۆیان و چالاکی ئایینی خۆیان و بەکارهێنانی زمانی خۆیان، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامەکانی تری گروپەکەی خۆیان، بێ بەش بکرێن.٢٦ گرنگی بابەتی زمان لەم پەیمانەدا بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە وگرنگی تایبەتی پێدراوە. بە گشتی لە ٦ مادە و لە ٧ بڕگەدا ووشەی زمان بەکارهێنراوە، کە جەختکراوەتەوە لەسەر ڕێگرینەکردن و ئازادی بەکارهێنانی زمانی دایک، وە جیاکاری نەکردن بە هۆی زمانەوە.٢٧

٤- پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ١٩٦٦

ئەم پەیمانە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە.٢٨

بە هەمان شێوە ئەم پەیمانەش باسی لە زمان کردووە. لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤداو پاراستنی مافە ڕۆشنبیرییەکاندا ئاماژەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافی زمان، وە لایەنەکانی ناو پەیمانەکە جەختدەکەنەوە لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ناو پەیمانەکە بەبێ جیاکاری بە هۆکاری جیاواز، لەوانەش بەهۆی زمانەوە.٢٩

٥- ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ ١٩٨٩

ئەم ڕێکەوتننامەیە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠/ ١١/ ١٩٨٩ بەستراوە.٣٠

لەدێباجەی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە کە پێویستە مرۆڤ بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بگات و لەناویشیاندا مافی زمان و جیاوازی نەکردن بە هۆی زمانەوە.٣١ پێویستە لایەنەکان ڕێز لەو مافانە بگرن کە لە ڕێکەوتننامەکە داوێتی بە منداڵان وەکو مافی زمان کە نابێت بە هۆیەوە

جیاوازی بکرێت. وە پێویستە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن گرنگی تایبەت بدەن بە پێویستی زمانەوانی منداڵان، کەسەر بە کەمینەو دانیشتوانە ڕەسەنەکانن. وە پێویستە بایەخ بە پەروەردەکردنی منداڵان بدرێت لەسەر بنچینەی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەی کە منداڵەکان هەیانە. وە پەرەبدرێت و ڕێزبگیرێت لە ناسنامەی ڕۆشنبیری و زمانی منداڵەکان. ڕێکەوتننامەکە دەوڵەتانی ئەندام کە فرە ڕەنگ و فرە زمانن، پابەندیان ئەکات بە پاراستنی منداڵان و نابێت بێبەری بکرێن لە بەکارهێنانی زمانی دایک. کاتێک منداڵان دەچنە بەردەم دادگا، ئەگەر لە زمانی بەکارهاتوو تێنەگەیشتن ئەوا پێویستە وەرگێڕی تایبەت بەزمانی خۆیان هەبێت، واتە پێویستە بە زمانی دایکیان دادگایی بکرێن تا بە باشی تێبگەن.٣٢

وەک دەبینین گرنگییەکی تایبەت بە زمانی دایک دراوە لەم ڕێکەوتننامەیەدا لەکۆی ٥٤ مادە، لە دێباجەو لە ٦ مادەدا، ٨ جار وشەی زمان بەکارهاتووە کە سەرجەمیان داکۆکیکردنە لە پاراستن و بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە تاکەکان، کە زمانی دایکە.

٦- ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩.٣٣

لە پێشەکی ڕێکەوتننامەکەدا ئاماژە دراوە بە زمانی دایک بەوەی کە پێویستە پەرە بدرێت بە ناسنامەو زمانی کەمینەکان لەو دەوڵەتانەی تیایدا دەژین.٣٤

وە ڕێکەوتننامەکە وەک گرنگیدان بە بابەتی زمان، داوا دەکات لەو دەوڵەتانەدا کە فرە زمانی تیایە، پێویستە کەمینەکان نووسین و خوێندنەوە بە زمانی ڕەسەنی خۆیان بێت کە زمانی دایکە، وە دەبێت ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی گەلانی ڕەسەن، وە دەبێت هانبدرێن بۆ پێشخستن و بەکارهێنانی زمانەکانیان، هەروەها گرنگیدان بە زمانی ئەو گەلانە ئەویش بە بەکارهێنانی لەلایەن ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.٣٥ وەک ئاشکرایە لە خوێندنەوەی مادەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا دەردەکەوێت کە ئەم بەڵگەنامەیەش گرنگی داوە بە بەکارهێنان و پاراستنی مافی زمانی دایک لەلایەن دەوڵەتانەوە.

٧- جاڕنامەی مافی ئەو کەسانەی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانن ١٩٩٢

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری ژمارە ٤٧/١٣٥ لە ١٨/ ١٢/ ١٩٩٢ جاڕنامەی تایبەت بە مافی کەمینەکانی پەسەند کرد کە خۆی لە ٩ مادەدا دەبینییەوە.٣٦

لە پێشەکی جاڕنامەکەدا هاتووە کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت ئەکاتەوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مافانەی کە لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە بریتییە لە گەشەپێدان و چەسپاندنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە لەناویاندا مافی زمانە، هەر لە پێشەکییەکەدا چەندین جار باسی لە زمان کردووە٣٧ وداوای یەکسانی و ڕێگریکردن لەجیاکاری کردووە بە هۆکاری زمان، وە دەبێت مافی ئەو کەسانە پارێزراو بێت کە کەمینەی زمانن واتە زمانی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن کە زمانی دایکە.٣٨ جاڕنامەکە پاراستنی مانەوەی کەمینەکان و ڕۆشنبیریان و زمانیانی خستۆتە ئەستۆی دەوڵەتان، وە کەمینەکان لەناویاندا کەمینەی زمان مافی خۆیانە کە پارێزگاری لە کەلتورو ڕۆشنبیری و زمانی خۆیان بکەن زمانی تایبەت بەخۆیان بەکار بهێنن. وەمادەی چوارەم بەتایبەت بڕگەی سێیەم و چوارەم گرنگی داوە بە زمانی دایک و دەقیداوە کە: دەبێت دەوڵەتان ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر تا هەلی فێربون برەخسێنن بەزمانی دایک، یان وانەکان بە زمانی دایک وەربگرن.٣٩

جێگەی سەرنجە کە ئەم جاڕنامەیە لەکۆی ٩ مادە لە ٣ مادەدا جەختی لە بابەتی زمان کردۆتەوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی پێدانی ئەم بەڵگە نامەیە بە زمانی دایک.

٨- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافی گەلانی ڕەسەن ٢٠٠٧

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٤٩/٢١٤ لە ڕۆژی ٢٣/ ١٢/ ١٩٩٤، ڕۆژی ٩/ ئابی کردە ڕۆژی جیهانی گەلانی ڕەسەن.٤٠ بۆ پاراستنی ماف و تایبەتمەندییەکانی گەلانی ڕەسەن، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٢٩٥/٦١ لە ١٣/ ٠٩/ ٢٠٠٧ جاڕنامەی تایبەت بەمافی گەلانی ڕەسەن ڕاگەیەند، کە لە ٤٦ مادە پێکهاتووە.٤١

هەرچەندە لە پێشەکی جاڕنامەکەدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی نەداوە بە زمانی دایک، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جەختی کردۆتەوە لە یەکسانی نێوان

گەلانی ڕەسەن و هەموو گەلانی تر، کە پێویستە ڕێز لە ڕۆشنبیری و تایبەتمەندێتی گەلان بگیرێت، کە گرنگترین تایبەتمەندێتی گەلان بریتییە لەو زمانەی کە قسەی پێدەکەن کە زمانی دایکە.٤٢ وە جاڕنامەکە بڕیاریداوە بە بەهرەمەندبونی گەلانی ڕەسەن بە هەموو مافەکانی مرۆڤ کە یاسای نێودەوڵەتی دانیپیاناوە، دیارە یەکێک لەو مافە دەستەبەرکراوانە مافی زمانە، وەک لە جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.٤٣ جاڕنامەکە بە بایەخەوە ئەڕوانێتە زمانی گەلانی ڕەسەن مافی بەکارهێنانی زمانی تایبەت بەخۆیان، وە مافی پەروەردەو فێربون بە زمانی دایک، وە مافی فێربون بە زمانی دایکیان لە ناوکۆمەڵگاکانی تریشدا.٤٤ وە هەروەها مافی کاری ڕاگەیاندن بە زمانی خۆیان بە بێ جیاکاری لەگەڵ گەلانی تردا. لەگەڵ ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە جەختیان لەسەر مافی زمانی سەرجەم میللەتان کردۆتەوەو دەوڵەتانیان پابەندکردووە بە ڕێزگرتنی مافی زمانی میللەتان، بەڵام حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە هەمیشە هەوڵیان داوە ڕێگری بکەن لە بەردەم گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانی کوردی و شێوە نوسینێکی یەکگرتوی کوردی. وەک لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆر لە زانکۆکانی ئەوروپا پەیمانگاو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراونەتەوە، بۆ نمونە لە زانکۆی مۆسکۆ، لەندەن، بەرلین، پاریس.٤٥

### بەشی دووەم: زمانی کوردی و پێگەی لە یاساکانی دەوڵەتی عێراق

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر پێگەی یاسایی زمانی کوردی هەر لە دروستبونی دەوڵەتی عێراقییەوە لە ساڵی ١٩٢١ تاوەکو گۆڕانی ئەو دەوڵەتە لە دەوڵەتێکی سادەی ناوەندییەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی لەساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش بە دابەشکردنی ئەم بەشە بۆ سێ باس لەیەکەمیاندا باسی پێگەی زمانی کوردی لەسەردەمی پاشایەتی دەوڵەتی عێراق و لە دووەمیاندا باسی پێگەی زمانی کوردی لەسەردەمی کۆماری و لەباسی سێیەمیشدا باسی پێگەی ئەو زمانە دەکەین لەسەردەمی عێراقی فیدراڵدا.

### باسی یەکەم: زمانی کوردی و پێگەی لەیاساکانی سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراق (سەردەمی پاشایەتی):

لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهان و لە ساڵی ١٩١٧ هێزەکانی بەریتانیا بەغدادیان لە چنگی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرهێناو دواتر پێشڕەویان بۆ ولایەتی موسڵیش کرد، پاشان لەساڵی ١٩١٨ ڕەزامەندییان پیشاندا لەوەی کوردەکانی ناوچەی سلێمانی بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید حوکمڕانی خۆیان بکەن و تاکە زمانی فەرمیش لەوکاتەدا زمانی کوردی بووکە پێشتر و لەسەردەمی بابانەکاندا و سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینیبوو، بەڵام ئەو ئەزمونی خۆبەڕێوەبردنە کەمتر لەساڵێکی خایاندو بەهۆی کێشەکانی نێوان دەسەڵاتی شێخ مەحمود و بەریتانیا شکستی هێنا و شێخ مەحمودیش دوای شەڕێکی ناهاوسەنگانە بەدیل گیرا و نێردرا بۆ بەغداد و پاشان دورخرایەوە بۆ هیندستان.٤٦

لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقیشدا لەدوای ساڵانی ١٩٢١ و لەکاتێکدا هێشتا مەسەلەی ولایەتی موسڵ تەواو یەکلانەکرابۆوە، بیروباوەڕی ئاینی و هەستی تۆڵەسەندنەوە بەهۆی لەباربردنی حوکمڕانییەکەی شێخ مەحمود بووە هۆی زیادبونی جموجۆڵی تورکەکان لەهەندێک ناوچەی وەک ڕەواندز و ئەمەش وایکرد بەریتانییەکان لەساڵی ١٩٢٢ دوبارە ناچاربن ڕێگابدەن بە خۆبەڕێوەبردنی کوردەکان و شێخ مەحمودیش بگەڕێننەوە ناوچەکەی و ئەویش هەرزوو خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، لەو خۆبەڕێوەبردنەشدا کە زمانی کوردی تاکە زمانی فەرمی حوکمڕانییەکە بوو، ماوەی کەمتر لە ساڵێکی خایاند وجارێکی دیکە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە لەباربرا.٤٧ بەڵام زمانی کوردی لەنێو دەستور ویاساکانی سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقدا گرنگییەکەی ئەوتۆی پێنەدرا. بۆ نمونە یەکەم دەستوری عێراق کە لەساڵی ١٩٢٥ دەرچوو هیچ ئاماژەیەکی بۆ زمانی کوردی تیادانەبوو، تەنانەت هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆشی تێدانەبوو بۆ نەتەوەی کورد و ناوچەی کوردستان.٤٨ بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش ئەوەیە کە لەدوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی و دروستکردنی عێراق، ئەو وڵاتە لەسەرەتادا لە دوو ولایەتی زۆرینە عەرەب پێکهاتبوو. دوای چەند ساڵێک لەدروستبونی عێراق و بەتەواوەتی لە ساڵی ١٩٢٥ ئینجا ولایەتی سێیەم کە ولایەتی موسڵە و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە – کە کورد نزیکەی پێنج لەسەر هەشتی پێکدەهێنا – بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان خرایە سەر عێراق.٤٩

مادەی (١٧) لەیاسای بنەڕەتی عێراق ساڵی ١٩٢٥ زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی ناساندووە و بەڵام هەر لەو مادەیەشدا هاتووە کەدەکرێ یاسای تایبەت بەڕێکخستنی زمانەکانی دیکە دەربکرێت.٥٠ هەروەها لە مادەی (١٦)ی ئەو دەستورەشدا هاتبوو کە دەشێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بۆ فێرکردنی تاکەکانیان بە زمانی تایبەتی خۆیان قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەمەرجێک لەگەڵ پرۆگرامی گشتیدا گونجاوبێت.٥١

دوای شەش ساڵ لە دەرچونی یەکەم دەستوری عێراق، دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق لە ژێر فشاری کۆمەڵەی گەلان، لەساڵی ١٩٣١ یاسای زمانە ناوچەییەکانی بە ژمارە (٧٤) دەرکرد٥٢، بێگومان دەرکردنی ئەم یاسایە لەسەرداوای لیژنەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان بوو کە لەراپۆرتی تایبەتی خۆیدا سەبارەت بەیەکلایکردنەوەی چارەنوسی ولایەتی موسڵ لەنێوان عێراق و تورکیادا ئاماژەی دابوو بەوەی کە ولایەتی موسڵ بەچەند مەرجێک دەدرێت بە عێراق، لەوانە ڕەچاوی مافە نەتەوەیەتییەکانی کورد بکات و وەڵامی داواکاری کوردان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەفەرمانگەکان و خوێندنی منداڵەکانیان بەو زمانە بداتەوە٥٣، هەر ئەوکاتیش عێراق بەڵێنی پابەندبونی خۆی بەمەرجەکان ڕاگەیاندبوو.٥٤ وە لەژێر فشاری ڕێکخراو ونامەی کەسایەتییە کوردەکان کە ڕەخنەیان لەحکومەتە ساواکەی عێراق دەگرت کە خۆی لەبەڵێن و پابەندبونەکانی دەدزێتەوە، وە بەمەبەستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی وبونی بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، عێراق بەناچاری لەساڵی ١٩٣١ یاسای زمانە فەرمییەکانی بە ژمارە (٧٤) دەرکرد.٥٥

بەسەیرکردنێکی وردی ئەم یاسایە چەند سەرنجێکمان لەلا دروست دەبێت لەوانە:

١- ئەم یاسایە تەنها لە (٩) مادە پێکهاتووە.

٢- هەروەکو باسمان کرد بەهۆی خەباتی کوردەکان و لەژێر فشاری لیژنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان دەرکرا، وەک مەرجێک لەمەرجەکانی ڕازیبون بە لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراق، ئەو ولایەتەی کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنە تایبەتەکانی ئەو ڕێکخراوە کوردەکان پێنج لەهەشتی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنا.

٣- یاساکە لەسەر بنەمای قەزا مامەڵەی لەگەڵ زمانی کوردی کردووە و لەهەر شارێک (لیوایەک) چەند قەزایەکی دیاریکردووە کە تیایدا زمانی کوردی زمانی فەرمییە. کە ئەمەش وایکردووە بەکارهێنانی زمانی کوردی هەموو کوردستان نەگرێتەوە.٥٦

٤- لەیاساکەدا باسی چەند قەزایەکی کوردستان نەکراوە، وەک (خانەقین و شەنگال) کە دوو ناوچەی کوردستانین.

٥- لەیاساکەدا بە ئاشکرا خۆدزینەوە و فێڵکردن دەبینرێت لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و پەیمانەکانی حکومەتی عێراق لە بەرانبەر بەریتانیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆ نمونە باسی خوێندن لەقۆناغی سەرەتایی بە زمانی کوردی دەکات، بەڵام باسی قۆناغەکانی دیکەی خوێندن ناکات.٥٧

٦- لەم یاسایەدا ڕێگا دراوە هەردوو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە عێراقدا کە دیالێکتی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست،٥٨ یان ئەوەی کە ناودەبرێت بە (بادینی و سۆرانی) بەکاربهێنرێت. بە جۆرێک لە قەزاکانی لیواکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر، شێوەزاری زمانی کوردی ئەو شێوەزارە بووە کە ئەوکات و ئێستا کاری پێدەکرێت، وە لە قەزاکانی لیوای موسڵ مەبەست -دهۆک و ئاکرێ و زێبار وزاخۆو ئامێدی یە- هاووڵاتیان خۆیان لەماوەی ساڵێکدا لە جێبەجێبونی ئەم یاسایە ئەو شێوەزاری زمانی کوردییە هەڵدەبژێرن کە مەبەستیانە.٥٩ جێگای ڕەخنەیە تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە هێشتا بڕیار لەسەر زمانی ستانداردی کوردی نەدراوە، ئەمەش خاڵێکی نێگەتیفەو بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی کورد و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧- لە یاساکەدا لەبری زمانی تورکمانی دەستەواژەی زمانی تورکی بەکارهێنراوە. ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە لەوانەش هۆکاری سیاسی و دانانی زمانی تورکمانی بەبەشێک لە زمانی تورکی.

## باسی دووەم: زمانی کوردی و پێگەی لە یاساکانی سەردەمی کۆماری عێراقدا.

دوای نەمانی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە عێراقدا، ساڵی ١٩٥٨ دەستورێکی تازە دەرکرا کە تیایدا لە مادە (٣)دا بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە پێگەی کورد و مافەکانی دابوو بەوەی کە کورد و عەرەب لە عێراقدا شەریکن و ئەو دەستورەش مافە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دەپارێزێت.

بەڵام لەم دەستورەشدا وەکو دەستورەکەی سەردەمی پادشایەتی بەهیچ جۆرێک ئاماژە بەزمانی کوردی نەدراوە. لەوەش خراپتر لە مادە (٢)ی دەستورەکەدا ئاماژەی بەوە دابوو کە عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.٦٠

دواترو پێش دەستوری گرنگی ساڵی ١٩٧٠، دوو دەستوری دیکەی ماوە کورت لەعێراقدا دەرچوو، دەستوری ساڵی ١٩٦٤ و دەستوری ١٩٦٨ کە هیچ ئاماژەیەکیان بە زمانی کوردی ٦١، بەڵکو بەحوکمی ئەو ئایدۆلۆژیایەی لەپشت نوسینەوەشیاندابوو کە یەکەمیان ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی عەرەبی ودووەمیشیان ئایدۆلۆژیایەکی بەعسی نەتەوەیی شۆڤێنی بوو، هەوڵدەدرا زیاتر بەرگی نەتەوەیی عەرەبی بە بەر عێراقدا بکرێت وپێکهاتەکانی دیکە لەنێو بۆتەقەی ئەو نەتەوەیەدا بتوێنرێتەوە.

بەڵام دەستوری ساڵی ١٩٧٠ لەبەر ئەوەی لەژێر فشاری شۆڕشی کوردو لە دوای ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری نێوان کوردو حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەرچوێنرا،٦٢ بۆیە هەنگاوێکی پێشکەوتووتر بوو سەبارەت بەمافەکانی کورد وە ئەگەرچی ناوەکەی دەستوری کاتی بوو بەڵام نزیکەی (٣٠) ساڵ کاری پێکرا. لە مادە (٥)ی ئەم دەستورەدا هاتبووکە: عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، وە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە و ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا و مافە ڕەواکانی هەمووکەمینەکانی دیکەدا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

لەمادە (٦)ی ئەم دەستورەدا ئەگەرچی لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، بەڵام لەبڕگەی دووەمدا بۆ یەکەمین جار باس لە زمانی کوردی کرابوو بەوەی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا، کوردی زمانی فەرمی ناوچەی کوردییەکانە.٦٣

بەڵام لە واقیعدا لەماوەی حوکمڕانی نەتەوەییەکان و بەعسییەکان لە عێراقدا بە هەموو شێوازێک دژایەتی زمانی کوردی دەکرا، وەک بەشێک لە سیاسەتی تەعریبی کوردستان و جینۆسایدی کوردەکان کە لەوسەردەمەدا پیادە دەکرا.٦٤ بۆ ئەو مەبەستە جگە لە دەرچونی یاسای پارێزگاریکردن لە سەلامەتی زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٧٧ کە ڕێگای نەدەدا بە نەشونماکردنی هیچ زمانێک جگە لەزمانی عەرەبی، چەندین ڕێنمایی و بڕیاری دیکەش دەرکرا کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ دژایەتی و سنوردارکردنی زمانی کوردی بوو.٦٥

## باسی سێیەم: زمانی کوردی و پێگەی لەیاساکانی عێراقی فیدراڵی

لەم باسەدا لە پێگەی زمانی کوردی دەکۆڵینەوە لەو قۆناغەی عێراق کە لە وڵاتێکی سادەی ناوەندییەوە دەبێت بە وڵاتێکی فیدراڵی، کە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکارییەکی گەورەی لەڕوی پێگەی یاسایی زمانی کوردییەوە بەدیهێنا.

ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس کە زیاتر لە (٣٠) ساڵ حوکمڕانی عێراقی کرد، لەلایەن ئەمەریکاو بە یارمەتی چەند هێزێکی دیکەی دەرەکی وناوخۆیی روخێنرا و ئاسۆی عێراقێکی تازە بە گوێی عێراقییەکاندا درا، بۆیە لەهەمان ساڵدا لەلایەن سەرکردەکانی عێراقەوە یاسایەکی گرنگ واژووکرا کە وەک دەستورێک وابوو بۆ داهاتوی عێراق ئەویش (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە) بوو.

لەم یاسایەدا هەندێک مافی کوردەکانی تیادا باسکرا لەوانەش کردنی زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی لەسەرتاسەری عێراق لەپاڵ زمانی عەرەبیدا،٦٦ کەئەمەش هەنگاوێکی یاسایی گەورەبوو، وە بۆ یەکەمجار لە مێژوی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی وڵاتێک، بگرە ئەزمونی لەم جۆرە کە دوو زمان لە دەوڵەتێکدا فەرمی بن تەنانەت لە وڵاتی دەوروبەری عێراق و ناوچەکە هەر بونی نەبوو. دواتر ئەم یاسایە بوو بە هەوێنی دەستوری تازەی عێراق کە لەساڵی ٢٠٠٥ دا لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە پەسەندکرا.

مادەی چوارەمی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق تایبەتە بە زمانە عێراقییەکان و تیایدا هاتووە کە:

یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم: سنوری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن و وتووێژ ودەربڕین لەبوارە فەرمییەکاندا بەهەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان

و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- داننان بە بەڵگە نامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامەو دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ-هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پاسپۆرت و پوول.

سێیەم: دامودەزگا فیدراڵیە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیدارییانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

لەم مادەیەدا پێشکەوتنێکی یاسایی گەورە لە ڕوی مافی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانی دایک بۆ هەموو نەتەوەکانی عێراق دەبینرێت، کە دواتر بووە هۆی دەرچواندنی چەند یاسایەک بە ئاراستەی گونجاندنی یاساکانی پێشوو بە دەقی ئەم مادە دەستورییە کە لەگرنگترینیان یاسای ژمارە ٣٤ ساڵی ٢٠٠٧ بوو تایبەت بە هەموارکردنی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٧٨ ساڵی ١٩٧٧ کە تیایدا لەمادە (١) هاتبوو کە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی دەبێت بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەربچێت.٦٧ بەڵام هێشتا هەندێک لەو نەتەوەپەرستانەی عەرەب لایان وایە زمانی کوردی زمانێکی لاوەکی و ناوچەیی و لاواز و پرکێشەو کەموکورییە، شایەنی ئەوە نییە بە زمانی عەرەبی هاوتا بکرێت.٦٨

هەربۆیە ئەو یاسایەی کە دەبوایە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەی چوارەمی دەستورە دەربچێت، دوای (١٠) ساڵ و لە کۆتایی خولی دووەمی پەرلەمانی عێراقدا (٢٠١٠ – ٢٠١٤) پەسەندکرا، کە یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤ بوو، کە دواتر بوو بە پاڵنەرو هێزێک بۆ دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە هەمان ساڵدا.٦٩

یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای ململانێیەکی توند و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دەنگی لەسەردرا،٧٠ ئەم یاسایە کە لە (١٨) مادە و هەرمادەیەکیش لە چەند بڕگەیەک پێکهاتووە، بێگومان بۆ ئەم سەردەمەی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق یاسایەکی گرنگە بە ئاراستەی دیموکراسیەت و مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی تری عێراق، بۆیە هەر زوو کەوتە بەر تیغی ڕەخنەی ئەوکەسانەی باوەڕیان بە پیرۆزی زمانی عەرەبی هەبوو.

بۆ نمونە پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی کە مامۆستای زانکۆیە لە عێراق ڕەخنە لە یاساکە دەگرێت و دەڵێت: نەدەبوایە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی یەکسان بکرێت، چونکە زمانی عەرەبی زمانێکی پێشکەوتووە وزمانی ئایینی ئیسلامە بەپێچەوانەی زمانی کوردی کە تەنها چەند دیالێکتێکەو زمانێکی ستانداردی نییەو بگرە تەنانەت تایبەتمەندی زمانی فەرمی تیادا نییە.٧١

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسانێکی زۆر ئەم یاسایەیان بە دەستکەوتێکی گرنگ بۆ کورد لەقەڵەم دەدا، لە کاتێکدا ئێمە لامان وایە ئەگەرچی بە گوێرەی قۆناغەکە ئەو یاسایە هەنگاوێکی باشە بە ئاراستەی دیموکراسی و مافەکانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەواو لە ئاست ویست وداخوازی نەتەوەکانی وەک نەتەوەی کورد نییە، بەتایبەتی دوای ڕەتکردنەوەی ئەو بڕگانەی کە لە بەرژەوەندی زمانی کوردی و زمانە ناوچەییەکانی تری عێراق بوو، لەکاتی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

لەهەمان کاتدا ئەم یاسایە بە شێوازێکی گشتی و بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغەکە، یاسایەکی باش بوو. لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- یاساکە بەناوی یاسای زمانە فەرمییەکانە نەک یاسای زمانی فەرمی کە لەدەقی پرۆژەکەی حکومەتدا هاتبوو، بێگومان ئەم دوو ناونیشانەش تا ڕادەیەک جیاوازی هەیە و هەر لە ناونیشانەوە پێمان دەڵێت کە زیاتر لە زمانێکی فەرمی لە عێراقدا هەیە.

٢- لەمادەی یەکەمدا هەردوو چەمکی زمانە فەرمییەکان وزمانە ناوچەییەکان پێناسەکراوە، هەروەکو دیاریشە لە ناساندنی زمانی فەرمی ئەوە وتراوە کە ئەو زمانەیە لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت چ لەناوەوە و چ لەدەرەوەدا وە لە هەموو بوارەکاندا کاری پێدەکرێت. ئەو بڕگەیەشی کە ئاماژە دەدات بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە هەموو بوارەکانی دەرەوەی وڵات، لە پرۆژەکەی حکومەتدا نەبوو بەڵکو لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری

پێشنیازکراو دواتر دەنگی لەسەردرا. کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەگەرچی پێشووتریش (جلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی عێراق، پشت ئەستور بە مادەی (٤)ی دەستور پیادەی کردبوو، کاتێک لەئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان قسەکانی بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەشکرد. بەڵام ڕەنگە ئەوەی بەرێزیان توانی بیکات بۆ کەسێکی تر لەداهاتوو قورس و ئەستەم بێت، لەکاتێکدا بەبونی ئەم دەقە لەیاساکەدا جگە لەوەی هەر نوێنەرێکی کورد لە پۆستە سیادییەکانی عێراق دەتوانێ بەکاریبهێنێت، بەڵکو ئیتر بە شێوازێکی یاسایی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی وڵاتێک بردە ئاستێکی نێودەوڵەتیش.

٣- ئامانج لەیاساکە زۆر بەباشی لەمادەی دووەمدا باسکراوە کە بریتییە لە: (أ/ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لەدەستور و کاراکردنی، ئەویش بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لەکۆماری عێراقدا. ب/ بڵاوکردنەوەی هوشیاری زمانیی لەپێناو نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق و قوڵکردنەوەو چەسپاندنی چەمکە مرۆیی و نیشتیمانییەکان. ج/ بەدیهێنانی گیانی شانازیکردن بەزمانی دایك. د/ دابینکردنی یەکسانی لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف ودەسکەوتەکاندا، ئەویش لەبەکارهێنانیان لە دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی. ه/ پشتگیریکردن و پێشخستنی هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی و زمانەکانی دیکەی عێراق، وەکو زمانەکانی تورکمانی و سریانی وئەرمەنی وسابئەی مەندائی(.

ئەم مادەیەش لەپرۆژە یاساکەی حکومەت نەبوو و بەڵکو لەلایەن لیژنەی رۆشنبیری بۆی زیادکراو دواتر بەدەنگدان پەسەندکرا، بیگومان دیاریکردنی ئامانج لەیاسایەك زۆر گرنگە بۆ کاتی جێبەجێکردنی وەیاخود لەکاتی کێشە لەسەر دروستبونی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە برگەی چوارەمدا کەهاتووە: ئامانج لەم یاسایە دابینکردنی یەکسانییە لەنێوان زمانی عەرەبی وزمانی کوردی لە ماف ودەسکەوتەکاندا. کە ئەمەش بوە هۆی جێگای رەخنەیەکی زۆر و توندی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لەپەرلەمان کەچۆن رێگایان بە پەسەندکردنی ئەم برگەیە داوە؟!

٤- لەکاتێکدا ئەم یاسایە وەك بەدەنگەوە هاتنێکە بۆ دەستەبەرکردنی مافی قسەکردن بەزمانی دایك کە لە جارنامەو پەیماننامە جیهانیەکانی تایبەت بەمافی زمان هاتووە، بەڵام دەبێ ئەو راستیەش بزانین کە هێشتا هەندێك وڵاتی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر وا بەئاسانی دان بەمافێکی لەم جۆرەدا نانێن و هێشتا میللەتان وکەمینە نەتەوەکان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بەو مافە لەفێربون بەزمانی دایك و دروستکردنی زانکۆ وپەیمانگاو سەنتەری رۆشنبیری یان کۆری زانیاری بۆ ئەو مەبەستە.

٥- لەهەندێك لەو وڵاتانەی زیاتر لەزمانێکی فەرمیان هەیە وەك کەنەدا، کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیان هەیە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمیەکان، بەڵام ئەگەرچی نوینەرانی کورد دەرکیان بە پێویستی دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنە کردبوو وەک ئەوەی کەنەدا، تەنانەت وەکو لیژنەی رۆشنبیری وراگەیاندنی پەرلەمان پێشنیازی دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنەیان کردبوو لە رێگای هەموارکردنی ئەم مادەیەی نێو پرۆژەکەی حکومەت کە باس لە لیژنەیەکی سێ کەسی دەکرد بە پیشنیازی دروستکردنی کۆمسیۆنێکی هاوشێوەی کەنەدا، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر زاری جێگری یەکەمی پەرلەمان (د.قوسەی سوهێل) بە مەرجی لابرنی ئەو پێشنیازەی کە داوای دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنەی دەکرد ئینجا رازیبوە پرۆژە یاساکە بخرێتە نێو دەنگدانەوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەبری کۆمسیۆن، دروستکردنی ئەو لیژنەیە پەسەندبکرێت کە حکومەت پێشنیاری کردبوو.٧٢ دواجار یاسای زمانە فەرمیەکان بەزۆرینەی دەنگ لە ٧- ١- ٢٠١٤ لەنێو ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق دەنگی لەسەردراو پاشان لەرۆژنامەی فەرمی عێراقیش بڵاوکرایەوە و چوە بواری جێبەجێکردنەوە.

وە دوای تێپەربونی زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر دەرکردنی، یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق تاوەکو ئیستاکە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە و هێشتا دراو و رەچەتەی دەرمان و تابلۆی هاتوچۆی سەرشەقامەکانی عێراق و دوکیۆمێنتە فەرمییەکان ...هتد هەر بەزمانی عەرەبیە وەیاخود بە شێوازێکی زۆر کەم وشەرمنانە تەنها وشەیەك یان چەند وشەیەکی کراوەتە کوردی و هەوڵی شۆفینییەکانی نەتەوەی سەردەستیش بەردەوامە بۆ لابردن و قەدەغەکردنی ئەم چەند وشە کوردیانەش.٧٣

ئەوەی جێگای سەرنجە تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیش هەندێکجار وەکو زمانێکی فەرمی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی ناکرێت، هۆتێل و چێشتخانەکان مینوەکانیان بەزمانی عەرەبی وئینگلیزیە، کارگەکانیش کاتالوگی بەرهەمەکانیان زیاتر هەر بەو دوو زمانەیە و تەنانەت هەندێك لە گۆڤارە یاساییەکانیش بابەت وتوێژینەوە بەزمانی کوردی بڵاوناکەنەوە.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین زمانی کوردی کە ڕەگەزێکی سەرەکی هێشتنەوە و پاراستنی نەتەوەی کورد بووە لەسیاسەتی جینۆسایدانەی دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەر و تاوەکو ئێستا لە هەندێك لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە وەک سوریا و تورکیا وەکو پێویست ڕێگا نادرێت منداڵانی کورد بەزمانی دایکیان فێربن و گۆرانی بڵێن،٧٤ کەچی کە ئێستا لەیەکێك لەپارچەکانی کوردستان دەرفەتی پێشخستن و زیاتر بەکارهێنانی هاتۆتە پێش وزمانی کوردی کراوەتە زمانی فەرمی وڵاتەکە، بەڵام وەکو پێویست کار بۆ پاراستن وگەشەپێدانی ناکرێت، لەکاتێکدا دەبێت ڕاپۆرتەکانی یونسکۆ لەبەرچاو بگیرێت، کە دەڵێت نیوەی ئەو زمانانەی کە ئێستا لە جیهاندا کاری پێدەکرێت لەبەردەم هەرەشەی مردن و لەناوچوندان، بۆیە پێویستە بەشێوازی جۆراوجۆر کار بۆ پاراستن و بەهێزکردن و بردنە پێشەوەی زمانی کوردی کە زمانی زیاتر لە (٤٠) ملیۆن مرۆڤە لە جیهاندا بکرێت.٧٥

## کۆتایی:

دوای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی مافی بەکارهێنانی زمانی دایك لەنێوان بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان و یاساکانی عێراقدا – زمانی کوردی وەك نمونە- گەیشتینە چەند دەرئەنجام و چەند پێشنیازێك:

### یەکەم: دەرئەنجامەکان

١- لە بەڵگەنامەی (میثاق) نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە کۆی ١١١ مادە کە تەرخان کراوە بۆ سەرجەم بابەتەکانی ئاشتی و کێشە جیهانییەکان، لە چوار مادەی جیاوازدا ووشەی (زمان و مافی زمان) بەکار هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیدان بە مافی زمان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە گرنگترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانی گشتییە..

٢- لەژێر فشاری شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان، دەوڵەتی عێراق ناچارکرا بە دەرکردنی یاسای زمانە ناوچەییەکان لەساڵی١٩٣١دا، کە تیایدا مافی قسەکردن وخوێندن و دادبینی و رادەربرین بەزمانی دایك بۆ کوردەکان فەراهەم کردبوو.

٣- لە ماوەی نیو سەدەی تەمەنی حوکمڕانی عێراقیدا، هیچ دەستورێك باسی زمانی کوردی نەکردبوو، بەڵام یەکەم دەستور کە بەئاشکرا باسی زمانی کوردی کردبێت دەستوری ساڵی ١٩٧١ی سەردەمی ڕژێمی بەعسە کەتیایدا زمانی کوردی بۆ یەکەمجار بوو بەزمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان.

٤- لەدوای روخانی ڕژێمی بەعس، زمانی کوردی بوو بەزمانی فەرمی - لەپاڵ زمانی عەرەبی - لەهەموو عێراق وئەمەش دوای دەرچونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەساڵی ٢٠٠٣ کەوەك دەستورێك وابوو تا دەرچون وپەسەندکردنی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥.

٥- دوای (٩) ساڵ لە دەرچونی دەستوری عێراق کەتیایدا لەمادەی (٤)دا هاتبوو دەبێت بەکارهێنانی زمانەفەرمیەکانی عەرەبی وکوردی بەیاسا ڕێکبخرێت، وە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانرا یاسایەکی تەوافقی لەساڵی٢٠١٤دا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت.

٦- ئەگەرچی زمانی کوردی یەکێکە لەدوو زمانە فەرمیەکەی هەموو عێراق، بەڵام لەپراکتیکدا هێشتا وەك زمانی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، نەك تەنها لەدامودەزگا فیدرالیەکان بەڵکو لە دامودەزگای ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێمیشدا.

### دووەم: پێشنیازەکان

١- جەختکردنەوە لە پابەندکردنی هەموو دەوڵەتان کە ئەندامن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بە ناوەرۆکی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە کە خۆیان واژویان لەسەر کردووە بەتایبەت لەبواری مافی نەتەوەیی و زماندا کە یەکێکە لەمافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ. وە دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ ئەو ئامانجە.

٢- پێویستە هەردوو حکومەتی عێراق وهەرێم هەنگاوی بەپەلە بنێن بۆ کاراکردنی یاسای زمانە فەرمیەکانی عێراق، وە پێداگری بکرێت لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لەئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران و گشت دامودەزگا فیدرالیەکان.

٣- بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقدا، وا چاکترە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێك دەربکەن سەبارەت بە زمانی ستانداردی کوردی، ئەوەش بە پشتبەستن بە ئەزمونی وڵاتان و ئاستی گەشەکردن و بەکارهێنانی ئەو شێوەزارە.

٤- پێشنیار دەکەین لیژنەیەکی چاودێری و بەدواداچون لەکەسانی پسپۆر و شارەزا بەتایبەتی لەبواری زمان و یاسا پێکبهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی

یاسای زمانە فەرمیەکان، وە لەکاتی پێویستدا ڕێگای دادگا و کارگێری بگیرێتەبەر، وە فشار دروستبکرێت بۆ ئەوەی دراو و پول و دۆکیومێنتە فەرمییەکان زمانی کوردیشیان لەسەربێت.

## پەراوێزەکان:


١- د. عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێڕانی (جزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٠١.

٢- د.شیلان عومەر حسێن، داخورانی زمانی دایک: بنەماو پەسنکردن، بابەتێکە بڵاوکراوەتەوە لە:ناوەندی پرۆگرام وبەرنامەکان بۆ خوێندنی کوردی و بۆ دانانی ڕشتەکانی خوێندن بەزمانی ستانداردی کوردیی،بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی٢٠١٩، ل٦٨.

٣- ئاری عوسمان خەیات، لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە، زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣١.

٤- د. محمد معروف فتاح. زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل ٩.

٥- د.شیلان عومەر حسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

٦- تيسير عبدالجبار الآلوسي، في اليوم العالمي للغة الأم مطالب بتفعيل مشروع أممي يعالج الأمية باللغات الأم؟، الموقع الالكتروني: (الحوار المتمدن) (٢٠١٢/٢/٢١) (٢٠١٩/١/٢٨) http://m.ahewar.org/s.asp?aid=٢٩٦١٤٦

٧- د.منى يوخنا ياقو، حقوق الأقليات القومية في القانون الدولي العام، مطبعة شهاب، أربيل، ٢٠٠٩، ص ١٠٧-١١٠ .

٨- باسم عبدالكريم حسن الجحيشي، الحق في استعمال اللغة الخاصة للأقليات، بحث منشور على الموقع الالكتروني: شبكة القانونيين العرب. (٢٠١٩/٢/٢٤) https://www.law-arab.com/٢٠١٧/١٢/blog-post_٨٨.html

٩-لاحظ المادة التاسعة من اتفاقية مؤتمر باريس لصنع السلام لسنة ١٨٥٦. وكذلك: بدرية عقعاق، تحديد مفهوم الاقليات في القانون الدولي والوسائل الدولية لحمايتها، ط١، دارالفكر والقانون للنشر، المنصورة، ٢٠١٣، ص١١.

١٠- بولس رمزي، حقوق الأقليات في المواثيق الدولية، مقال منشور على الموقع الالكتروني (الحوار المتمدن) (٢١٠٩/٣/٣) http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٩٧٤٤٧&r=٠ (٢٠٠٧/٥/٢٢)

١١-د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي النظرية والمنظمات العالمية والاقليمية والمتخصصة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠٠٦، ص٢٢٥ – ٢٢٦.

١٢- دیباجەی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

١٣- مادەی ١ / برگەی ٣، وە مادەی ١٣ / برگەی ١/ب، وە مادەی ٥٥/ برگەی ج، وە مادەی٧٦/ برگەی ج.

١٤- سهيل حسين الفتلاوي، التنظيم الدولي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧، ص ٥٣.

١٥- عثمان رحمن محمد، تأثيرات القانون الدولي لحقوق الانسان في الدستور العراقي الدائم، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١١، ص ٥٤.

١٦-اليوم الدولي للغة الأم، الموقع الرسمي لمنظمة الأمم المتحدة (٢٠١٩/٣/٣) http://www.un.org/ar/events/motherlanguageday/background.shtml

١٧-القرار رقم A/RES/٦١/٢٦٦ للأمم المتحدة، نموذج القرار متاح على الصفحة الرئيسية لأمم المتحدة: http://www.un.org/en/ga/search/view_doc.asp?symbol=A/RES/٦١/٢٦٦&Lang=A

١٨-الاعلان العالمي لحقوق الانسان ١٩٤٨. وللمزيد حول محتوى هذه المعاهدة يلاحظ: د. حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة تحليل ووثائق حقوق الانسان، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٣١- ١٣٢.

١٩- عثمان رحمن محمد، مصدر سابق، ص ٥٧.

٢٠-مادەی دووەم لە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨.

٢١-الاتفاقية الخاصة بمكافحة التمييز في مجال التعليم.

٢٢- دیباجەی ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا ١٩٦٠

٢٣- مادەی یەکەم، ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا ١٩٦٠

٢٤- (ئەم پەیمانە بە بڕیاری ژمارە ٢٢٠٠ ئەلف (د-٢١) لە ١/ ١٢/ ١٩٦٦ نەتەوە یەکگرتووەکان بەستراوە، لایەنەکانی لەسەر ٥٣ مادەی یاسایی ڕێککەوتون، بە پێی دەق مادەی ٤٩ بە گەڕانەوەی سی و پێنجەمین ڕاستاندن لەلایەن ئەندامانەوە ڕێکەوتننامەکە لە ٢٣/ ٣/ ١٩٧٦ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە). بڕوانە: پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی بۆ کوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ-نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٩.

٢٥- بڕگەی یەکەم/ مادەی دووەم، پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان ١٩٦٦.

٢٦- د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٢٠.

٢٧- بڕگەی ١/ مادەی ٢، بڕگەی ١/ مادەی ٤، بڕگەی ٣- أ، و/ مادەی ١٤، بڕگەی ١/ مادەی ٢٤، مادەی ٢٦، مادەی ٢٧، پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان ١٩٦٦.

٢٨- (ئەم پەیمانە بە بڕیاری ژمارە ٢٢٠٠ (د-٢١) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە، ئەندامانی پەیمانەکە لەسەر ٣١ مادەی یاسایی ڕێککەوتن، وە بەپێی دەق مادەی ٢٧ لە ڕێکەوتنەکە لە ٣/ ١/ ١٩٧٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش بەگەڕاندنەوەی سی و پێنجەمین ڕاستاندن لە لایەن ئەندامانەوە).

٢٩- بڕگەی دووەم/ مادەی دووەم، پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ١٩٦٦

٣٠- (ئەم ڕێکەوتننامەیە بە بڕیاری ژمارە ٤٤/٢٥ لە ٢٠/ ١١/ ١٩٨٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بەستراوە، لایەنەکانی لەسەر ٥٤ مادەی یاسایی ڕێککەوتون، بە پێی دەق مادەی ٤٩ بە گەڕانەوەی بیستەمین ڕاستاندن لەلایەن ئەندامانەوە ڕێکەوتننامەکە لە ٢/ ٩/ ١٩٩٠ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە). بڕوانە کتێبی: پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٦.

٣١- دیباجەی ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ ١٩٨٩

٣٢- مادەکانی دووەم، بڕگەی د/ مادەی ١٧، بڕگەی ٣/ مادەی ٢٠، بڕگەی ج/ ٢٩، مادەی ٣٠، بڕگەی ٢- ب،٦/ مادەی ٤٠، لە ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ.

٣٣- خولی شەشەمینی کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە ڕۆژی ٧/ ٦/ ١٩٨٩ لە سویسرا بەسترا، ڕێکەوتننامەکە لە ٤٤ مادەی یاسایی پێکهاتووە و بەپێی حوکمی مادەی ٣٨ لە ڕێکەوتننامەکە لە ٥/ ٩/ ١٩٩١ چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣٤- دیباجەی ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩

٣٥- مادەی ٢٨، مادەی ٣٠ لە ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩.

٣٦- إعلان بشأن حقوق الأشخاص المنتمين إلى أقليات قومية أو إثنية وإلى أقليات دينية ولغوية ١٩٩٢.

٣٧- (... تعزيز حقوق الإنسان والحريات الأساسية والتشجيع على احترامها بالنسبة للجميع، دون تمييز بسبب العرق أو الجنس أو اللغة أو الدين...) و (... تدرك ضرورة ضمان مزيد من الفعالية أيضا في تنفيذ الصكوك الدولية لحقوق الإنسان، المتعلقة بحقوق الأشخاص المنتمين إلى أقليات قومية أو إثنية وإلي أقليات دينية ولغوية...).

٣٨- پێشەکی جارنامەی مافی ئەوکەسانەی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانی ١٩٩٢.

٣٩- مادەکانی یەکەم و دووەم و چوارەم لە جارنامەی مافی ئەوکەسانەی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانی ١٩٩٢.

٤٠- اليوم الدولي للشعوب الأصلية في العالم، الموقع الرسمي للأمم المتحدة : (٢٠١٩ /٠٣ /٠٧) http://www.un.org/ar/events/indigenousday/background.shtml

٤١- إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية ٢٠٠٧.

٤٢- پێشەكی جاڕنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان تایبەت بە مافی گەلانی ڕەسەن ٢٠٠٧

٤٣- مادەی دووەم لە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەكانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨.

٤٤- مادەكانی (١٣ و ١٤، ١٦)ی جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەكانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨.

٤٥- د. جاسم تۆفیق خۆشناو،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢٠.

٤٦- بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەوكێشانەی كە بوو بەهۆی دروستبونی شەڕ لەنێوان شێخ محمود فەرمانڕەوای شاری سلێمانی ودەوروبەری و بەریتانییەكان بڕوانە: ن.لازاریف و چەند نوسەرێكی دیكە، مێژووی كوردستان، وەرگێڕانی بۆ كوردی: وشیار عبداللە سەنگاوی، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی رۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٠، ل٣٤١ – ٣٤٢.

٤٧ - فريد اسسرد، تجربة الحكم الذاتي الكوردي في العراق – قراءة نقدية - الملحق العربي لصحيفة كوردستانى نوى ( العدد التجريبي)، الجمعة ٢٠١٨/١/٥.

٤٨- خەلیل عبداللە، زمانی كوردی لەدەستورەكانی عێراقدا، لەبلاوكراوەكانی مەكتەبی بیر وهوشیاری یەكێتی نیشتمانی كوردستان، زنجیرەی هۆشیاری٤٦، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١١.

٤٩- د. محمد مولود عمر، الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١،كوردستان، ٢٠٠٠، ص ٢٥-٣٧.

٥٠- بڕوانە مادە (١٧) لە یاسای بنەڕەتی عێراق ساڵی ١٩٢٥.

٥١- بڕوانە مادە (١٦) لە یاسای بنەڕەتی عێراق ساڵی ١٩٢٥.

٥٢- لە ژمارە (٩٨٩) ١ی حوزەیرانی ١٩٣١ رۆژنامەی وەقائعی عێراقی بلاوكرایەوە.

٥٣- ن.لازاریف، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٥٥.

٥٤- خەلیل عبداللە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٥٥ - دكتور شورش حسن عمر، خصائص النظام الفيدرالي – دراسة تحليلية مقارنة، المركز العربي للنشر والتوزيـع، الطبعة الثانية، مصر، ٢٠١٨، ص ٨٤ – ٨٥.

لە هەندێک لە سەرچاوەی دیكەش باس لەوەكراوە كە لەسەر ڕاسپاردەی ئەو لیژنەیەی كۆمەڵەی گەلان كە بۆ یەكلاییكردنەوەی چارەنوسی ولایەتی موسڵ پێكهێنرابوو، دەوڵەتی عێراق یاسای زمانە ناوچەییەكانی ڕاگەیاند كە تیایدا ڕێگای بە كوردەكان دەدا لە قوتابخانە سەرەتاییەكانی ناوچە كوردستانییەكانی، بە زمانی كوردی بخوێنن و كتێب بە زمانی كوردی چاپ بكەن، بەلام بەهەڵە لەبری ساڵی ١٩٣١ كە ساڵی دەرچونی یاساكەیە ساڵی ١٩٢٦ نوسراوە لەوانە: ژێرار شالیان، تراژیدیای كورد- ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە وریا رحمانی، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٠٣.

٥٦- مادەی دووەم و سێیەم لەیاساكە دەڵێت: زمانی دادگاكان لەم قەزایانەی خوارەوە بەزمانی كوردیە

- قەزاكانی ئامێدی، زاخۆ، زێبار، ئاكرێ (لە لیوای موسڵ)

- قەزاكانی كۆیە، رانیە، ڕەواندوز (لە لیوای هەولێر)

- قەزاكانی گل، چەمچەماڵ (لەلیوای كەركوك)

- قەزاكانی هەڵەبجە، شارباژێر، مەركەزی سلێمانی (لە لیوای سلێمانی)

مادەی سێیەم: دەشێ زمانی دادگاكان بەعەرەبی و كوردی و توركی بن، لەم قەزایانەی لای خوارەوە، وە دادگا لەهەر حاڵەتێكدا بڕیار دەدات لەو زمانەی كە پێویستە بەكاربهێنرێت:

- قەزاكانی دهۆك، شێخان (لە لیوای موسڵ)

- قەزاكانی مەخمور، مەركەزی هەولێر (لە لیوای هەولێر)

- قەزاکانی کفری، مەرکەزی کەرکوك (لە لیوای کەرکوك)

٥٧ - بروانە ماددەی شەشەم کە دەڵێت: لەهەموو خوێندنگە بنەڕەتی وسەرەتاییەکان لەو قەزایانەی پێشوتر لەم یاسایەدا ناویان هێنرا، زمانی فێربون زمانی ماڵەوەی زۆرینەی خوێندکارەکانی ئەو خوێندنگەیەن، جا عەرەبی بێت یان تورکی یاخود کوردی.

٥٨ - رێبوار عەلی، زمانی ستانداردی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی YADC ، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٤.

هەندێك لەبری کرمانجی ناوەراست ، کرمانجی خواروو بەکاردەهێنێت، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بروانە: پ.ی سەلام ناوخوش و م. نەریمان عبداللە خوشناو و م. ئیدریس عبداللە، کوردۆلوجی- بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ وپەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠٠٩، ل٨٠-٨١.

٥٩- بروانە مادەی هەشتەم لەیاساکە کە دەڵێت: لەقەزاکانی لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێدراوە، شێوازی زمانی کوردی ئەو شێوازەیە کە ئیستا کاری پێدەکرێت، وە لەقەزاکانی لیوای موسل کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێدراوە هاوڵاتیان ئەو شێوازی زمانی کوردیە هەڵدەبژێرن کە مەبەستیانە لەماوەی ساڵێکدا لە جێبەجێ بونی ئەم یاسایە.

٦٠- (کە ئەمەش نارەزایی لەنێو رۆشنبیرانی کورد لێکەوتەوە لەوانە (ئیبراهیم ئەحمەد) کە لەنوسینێکدا ناڕاستی ئەو دەقە دەستوریەی راگەیاندبوو بەوەی دەبوایە بنوسرێت نەتەوەی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب! چونکە نەتەوەی کورد بە هیچ جۆرێک بەشێک نییە لەنەتەوەی عەرەب و خودی دەستورەکەش دەڵێت کورد وعەرەب شەریکن لە عێراقدا). بۆ زیاتر بڕوانە: جمال بابان ،اعلام کورد العراق، مطبعة شفان ، السليمانية ٢٠٠٦ ، ص١١.

٦١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەلیل عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢- ٢٤.

٦٢- د. محمد عمر مولود، المصدر السابق، ص ١٧٥. وە هەروەها خەلیل عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

٦٣- د. محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٦٣-٣٦٤.

٦٤- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٣٢-١٣٣.

٦٥- بۆ زانیاری زیاتر و بینینی دەقی ئەو رێنمایی و بڕیارانە بڕوانە: طارق جامباز، من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، دار سبيريز للطباعة والنشر، الطبعة الاولى ، دهوك ٢٠٠٨.

٦٦- بڕوانە مادە (٧)ی یاساکە.

٦٧- یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی عێراق ژمارە ٧٨ ساڵی ١٩٧٧ هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٣٤ ساڵی ٢٠٠٧.

٦٨- نمونەی ئەو نوسەرانەی کە بەچاوێکی نزم سەیری زمانی کوردی دەکەن وەک: د. علي شويني، الألسنة العراقية – امالي وشجون في الذاتية الشفافية، دار ميزوبوتاميا للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، بغداد, ٢٠١٣، ص٢٢٦-٢٢٨.

٦٩- یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

٧٠- بۆ زانینی هەنگاوەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە، بڕوانە: د.سامان فوزی، رێکخستنی یاسایی زمانی کوردیی وەك زمانێکی فەرمی لەعێراقدا، بابەتێکە بڵاوکراوەتەوە لە:ناوەندی پرۆگرام وبەرنامەکان بۆ خوێندنی کوردی و بۆ دانانی رشتەکانی خوێندن بەزمانی ستانداردی کوردیی، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی٢٠١٩، ل٢٠-٢٧.

٧١- الدكتور حسن منديل حسن العكيلي، قراءة في قانون اللغات العراقي، بحث منشور بتاريخ ٣١-٢-٢٠١٦ على العنوان الالكتروني: https://www.kitabat.info/subject.php?id=٧٤٣٢٧(٦-١-٢٠١٩)

٧٢- بۆزانیاری زیاتر بڕوانە د. سامان فوزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

٧٣ لەدوای رووداوەکانی ریفراندۆمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی لە ٢٥/ ٩/ ٢٠١٧، دژایەتیکردنی زمانی کوردی و زمانە عێراقییەکانی دیکە لەلایەن هەندێک لە شوفینی و نەتەوەپەرستەکانی عەرەب زیادی کردووە، چ لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

و چ لەسەرتاسەری عێراق، تەنها بۆ نمونە بڕوانە: بڕیاری ئۆفیسی پشكنێنەری گشتی لەوەزارەتی نەوتی عێراق ژمارە (٤٠١١/١٠٩٨٠ لە ١٣ /٨/ ٢٠١٨) كە بۆ كۆمپانیای گازی باكوری ناردووە و داوای لێدەكات كە چیتر ووشەو زاراوەی كوردی لەنێو نوسراوەكانیان بەكارنەهێنن و سەرپێچی یاسای سەلامەتی زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٧ نەكەن، دەنا بەپێچەوانەوە كارمەندی سەرپێچیكار توشی سزای وەزیفی دەبن.

٧٤ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی سەختی زمانی كوردی لەو دوو وولاتە بڕوانە: ژیرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١-٧٤، ١٥٠.

٧٥ صدیق حەجی وەلی بەرواری، پرۆژێ هەڤگرتنا زمانێ كوردی، زانكۆی دهۆك، چاپی یەكەم، دهۆك، ٢٠١١، ل٥٧.

# دیاریكردنی بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان
# لەنێوان یەكبازنەیی وفرەبازنەییدا
# -(لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری بەراوردكاریە)-
# Determining the Kurdistan parliament’s election constituencies
# -Between indvidual and multiple constituencies-
# Comparative analytical study

**پ.ی.د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە**
**مامۆستا وتوێژەر لەزانكۆی جیهان_سلێمانی**
**Asst.professor,Dr.Esmael Najmadin Zangna**
**Teaching staff at Cihan University- Sulaimaniya**
**esmael.najmadin@sulicihan.edu.krd**

**پوختە**

یەكبازنەیی هەڵبژاردن پەیرەو كراوە بەدرێژایی ئەو پێنج خولەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی كوردستان ئەنجامدراوە ، وئەم جۆرە دیاریكردنە بەكەمی جێبەجێدەكرێت لەلایەن سیستێمەكانی هەڵبژاردنی ولآتانی جیهانەوە، تا ئەو ڕادەیەی بەئاوارتە دادەنرێت لەڕێسای گشتی كەفرەبازنەیی هەڵبژاردنە.

هەروەك گرتنەخۆی یەكبازنەیی لەڕوی واقیعیەوە دەرەنجام ولێكەوتەی جیاوازی دەبێت بەنیسبەت دەنگدەر ونوێنەریشەوە، وپەیوەست بەپرۆسەكانی هەڵبژاردن وپرۆسەی سیاسی وبەشداری هاوڵاتیانیش تێیدا كاریگەری بەرچاو جێدێڵێ بە بەراورد بەوەی گەر فرەبازنەیی جێبەجێ بكرێت ئەمەیان دەرەنجامی جیاوازی دروست دەكات تا ئەندازیەكی زۆر.

ئەو بابەتەی باسەكە هەوڵیداوە چوارچێوە و چەمكەكانی پەیوەست بەهەریەك لەو دو شێوازەی دیاریكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن ڕون بكاتەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندی هەریەكەیان، زیاد لەوەش ئاماژە بكرێت بەدەسەڵاتی تایبەتمەند بەدیاریكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن ودابەشكردنیان، ئاخۆ هەمان دەسەڵاتە یان دەكرێت دیاریكردنەكە دەسەڵاتێك ڕێكیبخات وەك دەسەڵاتی دامەزراندن، ودابەشكردنەكەش لەتایبەتمەندی دەسەڵاتێكی تر دەبێت وەك دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێكردن..

تاوەكو باسەكە گەشتە نمونەیەك لەڕای دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان لەڕێگەی ڕاپرسیەكەوە كەبۆچون وئاراستەی تێڕوانینی لەخۆگرتوە بەرانبەر یەكبازنەیی، و ئاسۆی بیركردنەوەیان لەمەڕ گواستنەوە بۆ گرتنەخۆیی شێوازی فرە بازنەیی. هەروەك دەرەنجامی وەڵامی پرسیارەكانی ڕاپرسیەكە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەبو لەیارمەتیدانی توێژەر لە پێشكەشكردنی پێشنیاز و پرۆژەیەك بۆ جێبەجێكردنی فرەبازنەیی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە خولەكانی داهاتودا، لەڕێگەی جێكردنەوەی چەند ماددەیەكی دەستوری پەیوەست بەبابەتەكە لەدەستوری